**نا بۆ ئیعدام، بەڵێ بۆ مافی ژیان**

بەیاننامەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ  بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی دژ بە سزای ئیعدام

گەلی کوردستان لە مێژوودا یەکێك بووە لەو گەلانەی بە شێوەیەکی فراوان قوربانی ئیعدام، کوشتنی دەرەوەی دادگا، ئەشکەنجە و بێسەروشوێنکردن سەرکوتی سیاسی بووە. کەم نین ئەو کوردانەی لە ڕابردوودا و تا ئێستاش، بەهۆی کوردبوونیان یان بەهۆی بۆچوون و چالاکییە سیاسییەکانیانەوە، ژیانیان لێ زەوت کراوە. لە پرۆسەکانی جینۆسایدیشدا، بە کۆمەڵ مافی ژیانیان لێ زەوت کراوە و بەبێ دادگایی کۆمەڵکوژکراون.

بۆیە، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام تەنها داواکارییەکی یاسایی نییە؛ بەڵکوو ئەرکێکی مرۆڤانەشە، هەنگاوێك بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و وەڵامدانەوەیەکە بۆ مێژوویەکی پڕ لە ستەم و پێشێلکردنی مافەکانی گەلانی کوردستان. ئێمە باوەڕمان وایە کە کوردستان دەبێت ببێتە هەرێمێك کە مافی ژیان، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ تێیدا پارێزراو بێت.

لە دووای کۆنگرەی ستۆکهۆڵمی دژ بە سزای ئیعدام، کە لە ڕێکەوتی ١١ و ١٢ی دیسەمبەری ١٩٧٧ بەسترا، بانگەوازی جیهانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزا نا مرۆڤایەتییە بەهێزتر بوو. لەو کاتەوە تا ئێستا، هەنگاوی گرنگ لە ئاستی جیهاندا نراوە؛ بەڵام بەردەوامی جێبەجێکردنی ئیعدام لە هەندێك وڵاتدا نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا کارێکی زۆر ماوە بۆ گەیشتن بە جیهانێکی بێ ئیعدام، کارمەت و ژیانی مرۆڤ پارێزراو بێت.

ئامارە جیهانییەکان: پێشکەوتن لە یاسادا، زیادبوونی ئیعدام لە کرداردا

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی (Amnesty International) بە ناونیشانی «سزا و حوکمەکانی ئیعدام لە ساڵی ٢٠٢٥»، لە ساڵی ٢٠٢٥دا لانیکەم ٢,٧٠٧ کەس لە ١٧ وڵاتدا ئیعدام کراون. ئەم ژمارەیە بە ڕێژەی ٧٨٪ لە ژمارەی ١,٥١٨ ئیعدامی تۆمارکراوی ساڵی ٢٠٢٤ زیاترە و بەرزترین ئاستی تۆمارکراوە لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە لە ساڵی ١٩٨١ەوە. ئەم ئامارە ئیعدام لە وڵاتی چین لە خۆناگرێت، چونکە ئاماری ڕێك لەم وڵاتە بڵاو ناکرێنەوە. هەروەها، لە ساڵی ٢٠٢٥دا لانیکەم ٢,٣٣٤ حوکمی نوێی ئیعدام لە ٤٨ وڵاتدا تۆمار کراوە.
لە هەمان کاتدا، پێشکەوتنی یاسایی لە بواری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام بەردەوامە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا، ١١٣ وڵات سزای ئیعدامیان بۆ هەموو تاوانەکان بە تەواوی لە یاسادا هەڵوەشاندبووەوە و بە گشتی ١٤٥ وڵات ئەم سزایەیان لە یاسا یان لە کرداردا هەڵوەشاندبووەوە. لە بەرامبەردا، لە ساڵی ٢٠٢٥دا ئیعدام لە ١٧ وڵاتدا ئەنجامدراوە. ئەم جیاوازییە نیشان دەدات کە هەرچەندە ڕێرەوی جیهانی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئیعدامە، بەڵام زیادبوونی ژمارەی ئیعدامەکان هۆشدارییەکی جددییە و دەری دەخات ڕێگاکە بۆ گەیشتن بە جیهانی بێ ئیعدام بێ کەند و کۆسپ نییە.
لە هەنگاوێکی گرنگی ساڵی ٢٠٢٦دا، پەرلەمانی لوبنان لە ڕێکەوتی ١١ی ئابی ٢٠٢٦ یاسای هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدامی بۆ هەموو تاوانەکان پەسەند کرد. یاساکە لە ٢٠ی ئابی ٢٠٢٦ لە ژمارە ٣٦ی ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوکرایەوە و چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بەمەش لوبنان بووە یەکەم وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سزای ئیعدامی بۆ هەموو تاوانەکان بە یاسا هەڵدەوەشێنێتەوە.
بە پێی ئەم گۆڕانکارییە، ژمارەی وڵاتەکانی هەڵوەشێنەرەوەی سزای ئیعدام بۆ هەموو تاوانەکان دەگاتە ١١٤ وڵات، ئەمەش بۆ ئێمە گرنگ بوو.

دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان

بەداخەوە، عێراق هێشتا لەو وڵاتانەدایە کە سزای ئیعدام لە یاسا و کرداردا بەردەوامە. ڕاپۆرتی Amnesty International ئیعدام لە عێراقی لە ساڵی ٢٠٢٥دا تۆمار کردووە، بەڵام ژمارەی وردی ئیعدامەکانی ئەو ساڵەی عێراقی نەتوانیوە پشتڕاست بکاتەوە.
لە هەرێمی کوردستانیشدا، ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئیعدام هەنگاوێکی گرنگە؛ بەڵام ڕاگرتن جیاوازە لە هەڵوەشاندنەوەی یاسایی. بۆیە داواکاریی ئێمە ئەوەیە کە ئەم هەنگاوە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی یاسایی و یەکجاری سزای ئیعدام بڕوات و مافی ژیان ببێتە بنەمایەکی پارێزراوی یاسایی و سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.

ئێمە لەم ڕۆژەدا داوا لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەنگاوی ڕاستەقینە و کرداری بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام بنێن، حوکمەکانی ئیعدام جێبەجێ نەکەن و بەرەو سیستەمێکی دادوەری مرۆڤانە، دادپەروەر و سەربەخۆ بڕۆن.

داواکارییەکانمان

لە ڕۆژی جیهانی دژ بە سزای ئیعدامدا، ئێمە داوا لە دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین:

١. سزای ئیعدام بە یەکجاری هەڵبوەشێننەوە و هەموو هەنگاوێکی یاسایی و پێویست بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانە بنێن.

٢. لە سەرۆکی کۆماری عێراق، بەڕێز د. نزار ئامێدی، و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، داوا دەکەین هیچ حوکمێکی ئیعدام واژۆ و پشتڕاست نەکەنەوە و هەموو هەوڵێکیان بۆ پاراستنی مافی ژیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بخەنە گەڕ.

٣. زیندانە نهێنییەکان کۆتاییان پێبهێنرێت. هۆکاری دەستگیرکردن و ڕاگرتنی هەر کەسێك لە ماوەی یاساییدا بە شێوەیەکی ڕوون ئاشکرا بکرێت و دەستگەیشتن بە پارێزەر و دادگا مسۆگەر بکرێت بۆ هەمووان.

٤. زیندانی سیاسی و دەستگیرکردنی نایاسایی قەدەغە بکرێت و هیچ کەسێك بەهۆی بۆچوون، ناسنامە، چالاکیی مەدەنی یان سیاسییەکەیەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و زیندان نەبێتەوە.

٥. ئەشکەنجە و هەموو شێوەکانی مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغە بکرێت و بە کردار ڕێگرییان لێ بکرێت. لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە هەموو تۆمەتەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نایاسایی بکرێت و بەرپرسان بەرامبەر یاسا وەڵامدەرەوە بن.

٦. سەربەخۆیی دادگا و دادوەری بپارێزرێت، دەستتێوەردانی سیاسی لە پرۆسەی دادوەری ڕێگری لێ بکرێت و دامەزراوەکانی دادوەری و داواکاری گشتی بەهێز بکرێن.

٧. ماف و کەرامەتی زیندانییان بپارێزرێت. مافی پەیوەندی بە خێزان و پارێزەر، چاودێری تەندروستی و پاراستنی کەلوپەل و شتە تایبەتییەکانی زیندانی بە پێی یاسا ڕەچاو بکرێت. هەر پشکنینێکیش لە سنووری یاسا و بە چاودێری دەسەڵاتی دادوەریی پەیوەندیداردا بێت.

٨. لێپرسینەوە لە تاوانە گەورەکان بەردەوام بێت. تاوانبارانی جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەبێت بە دادگایی سەربەخۆ و دادپەروەرانە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە. ڕەتکردنەوەی سزای ئیعدام بە مانای بێسزایی نییە؛ بەڵکوو داواکارییە بۆ دادپەروەرییەکی یاسایی، مرۆڤانە و ڕێزگر لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.

٩. مافی قوربانیان و خێزانەکانیان بپارێزرێت، ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن و بۆ قوربانیانی جینۆساید و تاوانە گەورەکان دادپەروەری، ڕاستی‌زانی، قەرەبوو و گەرەنتی دووبارەنەبوونەوە دابین بکرێت.

پەیامەکەمان

ئێمە باوەڕمان وایە کە مافی ژیان مافێکی بنەڕەتی و جیهانییە و نابێت بە هیچ بیانوویەکەوە لە مرۆڤ زەوت بکرێت. ئەزموونی مێژوویی گەلی کورد و قوربانیانی جینۆساید پێمان دەڵێت کە پاراستنی ژیان، ڕێگری لە ئەشکەنجە و دابینکردنی دادپەروەری ئەرکی هەموومانە.

بە بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، بانگەوازمان بۆ هەموو حکومەتەکان، پەرلەمانەکان، دامەزراوەکانی دادوەری، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو مرۆڤدۆستان ئەوەیە کە بۆ جیهانێك هەوڵ بدەن کە تێیدا سزای ئیعدام نەبێت، ئەشکەنجە ڕەوا نەبێت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزرێت، لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئاینی پێشێلکاری ئەنجام نەدرێت.

نا بۆ ئیعدام، نا بۆ ئەشکەنجە؛ بەڵێ بۆ مافی ژیان، بەڵێ بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ.

واژۆکەرانی بەیاننامەکە:
ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید (Kurdistan Without Genocide)
تۆڕی KONCICC
هەڵمەتی دادپەروەری
هەڵمەتی ژیان: نا بۆ ئیعدام لە کوردستان

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠